ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان
دەورەی تازە
# ئۆکتۆبەر
93
25 ی ئەیلول / سێپتێمبەری 2024



## چاوپێکەوتن لەگەڵ خەسرەو سایە سەرۆکی مەکتەبی سیاسی سەبارەت بە: خولی شەشەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان و هەڵوێستی حزب !

بۆ لاپەڕە ٣

## کۆنفرانسی پێنجەمی ڕێکخراوی دەرەوەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان ٢١/٩/٢٠٢٤



لاپەڕەکانی ٦ تا ٩



## دەسەڵات بۆ گەڕان بەدوای ساماندا!

عوسمانی حاجی مارف

بۆ لاپەڕە ١٠

## بەیاننامەی ژمارە ٧ی سێ حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ناوچەکە:

## تیرۆر و جینۆسایدی ئیسرائیل، لە غەززەوە تا لوبنان!

بۆ لاپەڕە ١٢

## ڕاگەیاندنی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان سەبارەت بە گواستنەوەی ئۆردوگای کۆمەڵە و هێزەکانی نەیاری جمهوری ئیسلامی بۆ کەمپی سورداش!

........................... دوالاپەڕە

**ئازادی، یەکسانی، حکومەتی کرێکاری!**



## هەڵبژاردنی ئەمجارە جیاوازە!

موحسین کەریم

هەموو جارێک ئەم قەوانە لەلایەن ئۆپۆزیسۆنی ساختەچی بۆرژوازیەوە لێدەدرێتەوە، بەڵام هەموو جارێکیش هەڵبژاردن هەر هەمان ئاکامی پێشووی دەبێت! لەساڵی ١٩٩٢ ەوەوە هەڵبژاردن دەکرێ لە کوردستان، بەڵام هەر یەکێتی و پارتی فەرمانڕەوای بە کردەوەی کوردستانن. سەرەتا بەناوی حکومەتی هەرێم و لەسەر بنەمای دابەشکردنی دەسەڵاتەکان بەشێوەی نیو بەنیو کە تەنها دووساڵی خایاند. دوای شەڕی ناوخۆو جیابونەوەی دوو زۆنی سەوزو زەرد، ئەم فەمانرەواییە بەشێوەی دەسەڵاتی ڕەهای هەریەکە لە پارتی و یەکێتی لە زۆنەکانی دەسەلاتی خۆیاندا بەرجەستە بوو. دوای ڕێکەوتنی یەکێتی و پارتی و بەڕواڵەت یەکخستنەوەی حکومەتی هەرێم، دەسەڵاتی هەردوو حزب بەشێوەی دیفاکتۆ بەڕواڵەت یەکگرتوو بەڵام لەراستیدا دابەشبوو بۆ دوو زۆنی دەسەڵات بەردەوامی پەیداکرد. لەوماوەیەدا خەڵکی کوردستان بێبایەخبوونی دەنگدان و هەڵبژاردنیان بۆ دەرکەوت و بەو بڕوایە گەیشتن کە دەنگدان هیچ کاریگەریەک لەسەر دۆخی ژیان و گوزەران و ئازادیەکانیان ناکات، بۆیە هەم حکومەت و هەم پەرلەمان ئەو جێگایەیان نەما لە بیرکردنەوەی سیاسی خەڵکدا و بە دەسەڵاتی میلیشیایی دووحزب کە فیفتی فیفتی هەموو شتێکیان لەنێوان خۆیاندا دابەشکردوەو پەرلەمانیشیان بە دیوەخان، ناودەبرد.

بۆ لاپەڕە ٢

# درێژەی..........هەڵبژاردنی ئەمجارە جیاوازە!

کاتێک بزوتنەوەی گۆڕان و نەوشیروان مستەفا لەهەناوی یەکێتی و دەسەڵاتی میلیشاییەوە، بانگەشەی گۆڕانکاری و دەستاودەستکردنی دەسەڵاتی لەرێگای دەنگدانەوە کرد، بەشێک لە خەڵکی ناڕازی چەواشەکردو جارێکی دیکە بردنیەوە بۆناو کایەی هەڵبژاردن و دەنگدان و خەباتی پەرلەمانی! وای لە خەڵک گەیاند کە هەڵبژاردنی ئەوجارە جیاوازەو دەتوانن بە دەنگەکانیان کۆتایی بەدەسەڵاتی میلیشایی یەکێتی و پارتی بهێنن و حکومەتی تەکنۆکرات و دامەزراوەیی پێکبهێنن! ئەوەبوو لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی ساڵی ٢٠١٣ دا گۆڕان ٢٤ کورسی پەرلەمانی بەدەستهێنا و بووە دووەم هێزی ناو پەرلەمان لەدوای پارتیەوە و یەکێتی کردە هێزی سێهەمی پەرلەمان کە خاوەنی ١٨ کورسی بوو. بەڵام راستیەکانی دوای ئەو روداوە ئەوەی سەلماند کە هێزی یەکەم و دوەم هەر پارتی و یەکێتین نەک گۆڕان. لەراستیدا یەکێتی و پارتی هیزی یەکەم و کۆتایی هەموو بڕیارەکان بوون لە کوردستان. گۆڕان تەنها دەیتوانی هەندێ سەریەشە بۆ ئەو دوحزبە دروست بکات، کە سەرەنجام ئەوەشیان تێپەڕاند و هەموو کەسێک ئێستا دۆخی گۆڕان دەبینێت! گۆڕان بەوکارەی تەنها بۆ چەندین ساڵی دیکە شەرعیەتی بە دەسەڵاتی میلیشایی پارتی و یەکێتی دایەوە بەناوی دەنگی خەڵکەوە!

ئێستاش هەمان مێژوو دوبارە دەبێتەوە. دوو لایەنی ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی؛ " نەوەی نوێ" و " بەرەی گەل" بانگەشەی ئەوە دەکەن کە هەلومەرجەکە گۆڕاوەو دەتوانن بە دەنگدان بەوان کۆتایی بەدەسەڵاتی یەکێتی و پارتی بهێنن و بەڵێنی بەهەشتی خۆشگوزەرانی و ئازادییان پێدەدەن! بەڵگەشیان بۆ ئەم بانگەشەیەیان ئەوەیە کە ئەمجارە نەتەوە یەکگرتوەکان و کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراق سەرپەرشتی هەڵبژاردنەکان دەکەن و بوار بۆ تەزویری یەکێتی و پارتی نامێنتەوە، وەکو ئەوەی تائێستا ئەو دوو لایەنە سەرپەرشتی هەڵبژاردنەکانیان نەکردبێت، یان ئەوەی کە دەوڵەتانی ئەمریکاو ئەوروپا لە یەکێتی و پارتی بێزارن و بەشوێن جێگرەوەیاندا دەگەڕێن. بۆیە ئێستا فرسەتە و خەڵک دەتوانن ئازادانە دەنگ بدەن و گۆڕانکاری بکەن لەڕیگای دەنگدان بەوانەوە و کردنیان هێزی یەکەم!

ئەم بانگەشەیەی ئۆپۆزیسیۆنی ساختە وادەردەخات کە یەکێتی و پارتی لەرێگای دەنگدانەوە دەسەڵاتیان بەدەستەوە گرتوە، بۆیە دەکرێ بە دەنگدان لەسەر دەسەڵات لاببرێن! ئەمە درۆیەکی شاخدارەو خەڵکی کوردستان لە ئەزمونی نەوشیروان مستەفا و بزوتنەوەی گۆڕاندا تاقیکردۆتەوە. یەکەم، ئەو دوو حزبە هێزی میلیشییان و بە حوکمی ئەو دەیانهەزار چەکدارە خۆیان بەسەر دەسەڵات و خەڵکی کوردستاندا سەپاندوە، بۆیە بە هەڵبژاردن جێگا بۆ هیچ کەس چۆڵ ناکەن. دووەم، هەم ئەمریکاو دەوڵەتانی ئەوروپا و هەم دەوڵەتانی ناوچەکە بەتایبەتی ئێران و تورکیا، دەزانن کە لەرێگای ئەو دوو هێزە میلیشاییەوە دەتوانن بەرژەوەندیەکانی خۆیان و ئارامی و جێگیری سیاسی و ئەمنی نیسبی لە کوردستان و عێراق بپارێزن و ئامادەنین ئەو دۆخە رادەستی هێزی دیکە بکەن کە ناتوانن ئەو کارەیان بۆ بکەن! " نەوەی نوێ" تەنها دەتوانێ هاتوهاواری میدیایی بکات و هیچی دیکە، چونکە بەهەموو پێوانەیەکی سیاسی – کۆمەلایەتی هێزێکی سیاسی نیە. لاهور جەنگی و "بەرەی گەل"ەکەشی لە نەوشیروان مستەفای ئەو دەمە بەهێزتر و خاوەن نفوزتر نیە لەڕووی چەکداری و سیاسی و بگرە نفوزی جەماوەریەوە. بۆیە راستیەکەی ئەم دوو گروپە تەنها کاریکاتۆری ئەزمونێکن کە شکستی خۆی بۆ خەڵکی کوردستان ڕاگەیاندوە!

کەواتە رۆشنە ئاکامی هەڵبژاردنی ئەمجارەش وەکو هەموو جارەکانی دیکە، شەرعیەتدانەوەیە بە دەسەڵاتی میلیشایی- دوو زۆنی- یەکێتی و پارتی لەپاڵ چەند کورسیەکی پەرلەمان و چەند پۆستێکی ئیداری لە حکومەتەکەی پارتی و یەکێتی بۆ ئۆپۆزیسیۆن و شەریککردنیان لەداهاتی تالانکراوی خەڵکی کوردستان بەناوی مووچەی ئەندام پەرلەمان و وەزیر و بەڕێوەبەری گشتی و.. تاد.

ئەوەی دەمێنێتەوە، بانگەشەی یەکێتیە کە گوایە لەم هەڵبژاردنەدا کۆتایی بە دەسەلاتی تاکرەوی پارتی دەهێنن و حکومەتی هەرێم دەکەنەوە بە حکومەتی خزمەتکاری خەڵک، وەکو ئەوەی تائێستا ئەوەی ژیانی خەڵکی کوردستانی بەرەو ئەم وێرانی و کارەساتە ئابوری و سیاسیە بردوە، تەنها پارتی بووبێت و یەکیتی هیچ دەورێکی تێدا نەبووبێت! بەڵام سەرفی نەزەر لە بانگەشەی ڕاستکردنەوەی رێڕەوی حکومەت بەرەو حکومەتێکی خزمەتکاری خەڵک، کە رەنگە ئەندامانی خۆشیان پێی خۆشخەیاڵ نەبن، چ خای خەڵکی کوردستان، ئەو هاتوهاوارەی یەکێتی و سەرۆکەکەی تەنها ئەوەندە بڕدەکات کە ڕەنگە لەچاو هەڵبژاردنەکانی پێشووتردا کەلێنی جیاوازی کورسیەکانی لەگەڵ پارتیدا بەهاوکاری ئێران کەمێک کەمتربکاتەوە و بڕێک پۆست و دەسەڵاتی دیکەو بەوپێیەش بڕێک زیاتر پارەی دزراوی خەڵک بخاتەناو گیرفانەکانی خۆیەوە و هیچی دیکە. کەواتە هەموو ئەوانەی بانگەشەی گۆڕانکاری دەکەن لەم هەڵبژاردنەدا درۆ دەکەن، چ جای ئەوەی گۆڕانکاریەک بێت لە بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان!

★

# چاوپێکەوتن لەگەڵ خەسرەوسایە سەرۆکی مەکتەبی سیاسی سەبارەت بە خولی شەشەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان و هەڵویستی حزب

**ئۆکتۆبەر: هاوڕێ خەسرەو بەیاننامەی حزب سەبارەت بەهەڵبژاردن وا نیشاندەدات کە لە سەرەتاوە بڕیاری لەسەر بەشداریکردن یان نەکردن نەداوە و تەنانەت ناوی حزبیشتان لە کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکانی عێراق تۆمارکردوە. دەکرێ روونی بکەنەوە کە لەسەر کام پێوانەو بنەما ئەم هەڵوێستەتان گرتۆتەبەر. واتە بۆچی لەپێشدا چاوەروانی ئەوەتان هەبووە بەشداری بکەن و دواتریش بڕیاری بەشدارینەکردنتان دا!؟ ئایا گۆڕانێک لەسیاسەتی حزبدا ڕوویداوە بەرامبەر بەم هەڵبژاردنە؟**

خەسرەو سایە: حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان، حزبێکی سیاسیەو لەواقعیەتی کۆمەڵگاو ڕوداوەکان و ئەو فاکتۆرانە دەڕوانێ کە کاریگەری ڕاستەوخۆیان لەسەر هێزهاوسەنگی چینایەتی و خەباتی واقعی کرێکاران و جەماوەری نارازی لەبەرامبەر دەسەلاتدا هەیە، لێرەوە هەلویست و سیاسەتەکانی خۆی لەبەرامبەر هەر بابەتێکدا، لەوانەش بابەتی هەلبژاردن دیاری دەکات و دەیگرێتەبەر، هەربۆیە دەڵیم گۆرانێک لەهەڵویستی حزبدا بەرامبەر بە هەڵبژاردن ڕووینەداوە، بەڵکو ئەوە ئەو گۆڕانکاریەیە کە لە پێگەی حزبەکان و ناکۆکی نیوانیان و دوبارە ڕیکەوتنەکانی نیوانیاندایە کە ئێمەی بەوەگەیاندووە هەر لەوڕۆژەی کە بەروارێک دیاریکرا بۆ ئەنجامدانی خولی شەشەمی پەرلەمان، بەچاوێکی کراوەوە مامەڵە لەگەڵ ئەم پرسەدا بکەین.

ئەوە راستە کە حزب لەسەرەتاوە خۆی ناونوسکرد لەکۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکاندا، چونکە یەکەم: وەک بەرئەنجامێک لە درێژبونەوەی قەیرانی دەسەلات و ئەو بنبەستەی کە تێیدا چەقیبوو، کە هەم حکومەت و پەرلەمانی کوردستانی لەکارخست و هەم پێگەی قانونی کۆمسیۆنی هەلبژاردنەکانی کوردستان، کە لە دەستی هەردوو حزبی دەسەلاتداردا بوو، کارامەیی خۆی لەدەستدا و کەوتە دەست دادگای فیدراڵەوە. دووەم بڕیارەکانی دادگای فیدراڵیش لەپەیوەند بە هەلبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستانەوە، حزبە دەسەلاتدارەکانی دەستکۆتاکرد لەوەی خۆیان سەرپەرشتی راستەوخۆی هەڵبژاردنەکە بکەن و بەکۆمسیۆنی هەلبژاردنی عیراقی سپارد، وەک دەزگایەکی سەربەخۆ و گەلێک هەنگاوی تریشی فەرزکرد کە بەزیانی پارتی و یەکیەتی دەشکایەوە؛ لەوانە: کەمکردنەوەی ژمارەی کورسیەکان، هەڵوەشاندنەوەی" ١١ کورسی کۆتاکان" کە زیاتر نفوزی ئەم دوو حزبەی دابیندەکرد لەپەرلەماندا، هەروەها گێرانەوەی ئاوارەکان و پاکردنەوەی ناوی دەنگدەران و گەلێک هەنگاویتر کەهەموویان بەزەرەی پارتی تەواودەبون. بەهاتنەپێشەوەی ئەم واقعیەتانە جیاوازیەکی تایبەتی بەم هەڵبژاردنە بەخشی لەچاو ئەو بەناو هەڵبژاردنانەدا کەپێشتر ئەنجام درابوون. لەبەر ڕۆشنایی ئەم راستیانەدا حزب بە لەبەرچاوگرتنی تواناکان و ئامادەییەکانی خۆی، تەوەقعی وابوو کە بەشداری لە هەلبژاردندا بکا و وەک مەیدانێکی تاکتیکی بەئاراستەی ئیبرازکردنی سیاسی خۆی و باوەرولێکدانەوەکانی سوودی لێوەربگرێ. بەلام کشانەوەی پارتی و بایکۆتکردنی هەلبژاردن و هەولەکانی بۆ گێرانەوەی ئەو ئیمتیازاتانەی لەدەستی دابوو، بەپاساوی ئەوەی کە "ئەم هەڵبژاردنە پێشتر دیزاینکراوە"، گۆرانکاریەکی لەپێگەی ئەم هەڵبژاردنەدا پێکهێنا و دۆخەکەی گێڕایەوە بۆنوک. سەردانەکانی نێچیرڤان بەرزانی بۆ بەغداو تاران و ئەو سەفقەیەی لەگەڵ لایەنە شیعەکان بەستی، جارێکیتر ئەم هەڵبژاردنەی خستەوە دەستی حزبە دەسەلاتدارەکان و سیفەتی هەڵبژاردنێکی هاوشیوەی ولاتانی تری لێسەندەوە. ئیستا دەبینین نە ئاوارەکان گەڕاونەتەوە شوینی خۆیان و نە لیستی ناوەکان پاکراونەتەوە. تەنانەت بەجۆرێک لەجۆرەکان "کورسی کۆتاکان" دانرانەوەو دابەشکران بەسەر یەکیتی و پارتیدا. هەروەها ئۆفیسی کۆمسیۆنی هەلبژاردنەکانی عیراق، ڕێگەیان بۆکرایەوە تا بەبەشداری نوینەرانی پارتی و یەکیەتی لەسلێمانی و هەولێر بکریتەوە... ئەمانە ئیتر نەک هەر پڕۆسەی هەڵبژاردنی بەقازانجی پێشوەختەی یەکیەتی و پارتی دیزاینکردەوە، بگرە ئەو راستیەی سەلماند کە هەڵبژاردن لەسایەی دەسەلاتی حزبی و ناوچەیی ئێستادا جگە لە سیناریۆیەک زیاتر نیە و لەپێشەوە دیاریکراوە کە ئەمجارەش وەکو نمونەکانی پێشوتر هەردوحزبی دەسەلاتدار براوەی سەرەکی دەبن و زۆرینەی کورسیەکان بۆئەوان دەبێت.. لەسەر بنەمای ئەم واقعیەتانەو ئەم گۆرانکاریانە، پلنۆمی ٣٠ی کۆمیتەی ناوەندی بریاریدا کە بەشداری لەهەلبژاردندا نەکات. ئێمە هەموو ئەم ڕاستیانەمان لەبەیاننامەیەکدا بۆ ڕای گشتی کوردستان بەرۆشنی خستۆتەڕوو.

**ئۆکتۆبەر: میدیای حزبەکان وا بانگەشەدەکەن کە ئەم هەڵبژاردنە هەم هاوکێشەی سیاسی لەکوردستان دەگۆڕێ و هەم گۆرانکاری ڕیشەیی بەدواوە دەبێ، تاڕادەی ئەوەی کێشەو گرفتەکانی خەڵک لەوانە مووچە و باری ژیان و خزمەتگوزاریەکان و ئەو پشێویە کۆمەلایەتیەی هەیە، کۆتایی پێدێنێ. بەڵام بەپێچەوانەشەوە ئەو بۆچوونەش هەیە کە ئەم هەلبژاردنە هیچ گۆرانکاریەک ناکات و هەمان دۆخ درێژەی دەبێت، ڕای**

**ئێوە لەسەر ئەم قسانە چیە؟ ئایا ئەم هەڵبژاردنە گۆرانكاری دروست دەكات و كۆردستان لەقەیرانەكانی ئێستا دەربازدەكات؟**

خەسرەو سایە: سەرهەڵدانی ئەو دوو بۆچوونەی كە لەپرسیارەكەدا هەیە، ئاماژەیە بۆئەوەی كە هەم هەلبژاردن رووداوێكی سیاسی گرنگەو هەم لێكدانەوەو هەڵوێستی چینەكانی كۆمەڵگای لەسەر خستوتەڕوو. واتە كوردستان وەك ئەوەی كە كۆمەڵگایەكی چینایەتیە و چینەكانیش لەڕێگای ئەو بزوتنەوە و حزبانەوە كەنوێنەرایەتی بەرژەوەندیەكانیان دەكات لەسەر رووداوە سیاسیەكان جەمسەر دەگرن وخەریكن بۆ بەرژەوەندیەكانی خۆیان دەڕوانن. بەدڵنیایەوە هەڵبژاردن گۆرانكاری دروست دەكات، بەڵام خودی واتاو ناوەڕۆكی گۆرانكاریەكان لەڕوانگەی حزبەكانی نێو دەسەلات وئەوانەشی كە بەخۆیان دەڵێن ئۆپۆزسیۆن و هەموو ئومێدیكیان بەهەلبژاردن و دەنگدانەوە گرێداوە، ماناو ناوەڕۆكێكی هەیە، تەواو جیاوازە لەماناو ناوەرۆكیك كەخەڵكی كرێكارو فەرمانبەران و زەحمەتكێشان و جەماوەری ناڕازی، بۆ گۆرانكاری هەیانە.

گۆرانكاری بۆ حزبەكانی دەسەلات و ئەوانەی كە لەچوارچیوەی سیستەمی ئێستادا، یاری هەڵبژاردنیان بەدەستەوە گرتوە، ماناو ناوەڕۆكەكەی لەوە زیاتر تێناپەڕیت، كەحكومەت و پەرلەمان بەدەنگی خەڵك قانونی و شەرعیەت پێبدەنەوە، لەوە تێناپەڕێت كە ڕیزی حزبەكان و ناكۆكیەكانی نێوانیان جارێكتر لەسەرئەساسی دابەشكردنی كورسیەكان رێكبخەنەوە و هەریەكەیان پێگەی خۆی لەو سیستەمەدا وەربگرێتەوە و چەند دەموچاوێكی تازەش بخەنە بەرچاوی خەڵك. هەڵبژاردن پێویستە بۆ ئەم حزبانەو ئەمجۆرە گۆرانكاریە، تا لەئاستی نێونەتەوەیی و دەوڵەتانی ناوچەكەو رێكەوتنەوە لەگەڵ حكومەتی عیراقیدا، دۆخێكی "قانونی و شەرعی" بدەنەوە بەخۆیان و سیستەمەكەیان. ئەمەش بەومەرجەی كەهەر لایەكیان بەئەنجامی هەلبژاردنەكان رازی ببن و لەسەر ژمارەی كورسیەكانیان ئاژاوە نەگێرن! لەمەزیاتر هەر شتێك كە ئەم حزبانە سەبارەت بەوەی كە"هەڵبژاردن گۆرانكاری بەدواوە دەبێت" دەیڵێن لەبەلێنێكی درۆ زیاتر نابێت. تەنانەت ئەو پروپاگەندەیەی كە بەگوێی خەڵكیدا دەیدەن، كە گوایە "دەستاودەستپێكردنی دیموكراسیانەی دەسەلات لەڕێگای دەنگدانەوە" بەدیدێنن، دیسانەوە درۆیەكی شاخدارە، چونكە نەسیستم و دەسەڵاتە حزبی و ناوچەییەكان و هیزی چەكداریان ڕێ بەمە دەداو نە ئەمریكاو دەولەتانی ناوچەكە پێی رازی دەبن و بەرژەوەندی و پێگەی بەدەستهاتوی چەندین سالەیان دەخنە بەردەم داهاتویەكی نادیارەوە.

بەلام ماناو ناوەرۆكی گۆرانكاری لەڕوانگەی خەڵكی كرێكارو ناڕازی و بەشمەینەتی كوردستانەوە، باشكردنی ئاستی بژێوی و موچەی مانگانەی مسۆگەر و سەلامەتی ژینگەی كۆمەلایەتی و ئازادیەكانە، مانای نەهێشتنی بێكاری و هەژاری و فشاری ئابوری و كۆمەلایەتی حكومەت و كۆمپانیاكان و ئەو دۆخە شلەژاوەیە كە دەخالەتی دەولەتان لەكوردستاندا پێكیانهێناوە. لەیەك وتەدا ماناو ناوەڕۆكی گۆرانكاری، جگە لە رزگاركردنی كۆمەلگا لەسەرتاپای ئەو سیستەم ودەسەلاتەی كە سێ دەهەیە ژیانی خەڵك دەهارێ شتێكی تر نیە، ئەمەش بەهەڵبژاردن و دەنگدان بەدینایەت. بەتایبەتی كە خەڵكی كوردستان ئەزمونی حكومەتە یەك حزبی و دوو حیزبییە ناوچەییەكان و حكومەتی هاوبەش و بنكە فراوانی ئەم حزبانەی تاقیكردۆتەوە، كەپارتی و یەكیەتی یاریكەری سەرەكی بوون تێیدا و هەر لەم ئەزمونانەشدا بەم ڕۆژە گەیشتووە. بەبڕوای من ئەم هەڵبژاردنە نەك هەر قەیرانەكان چارەسەر ناكات، بگرە ئەو ئەگەرەش بەكراوەیی لەبەردەم خەڵكدا ماوە كەخودی ئەم هەڵبژاردنەو ئەنجامەكانی بۆخۆی ببێتە هۆكارێك بۆ بارگرژی وئاژاوەیەكی ناوخۆیی..

**ئۆكتۆبەر: هاوڕێ خەسرەو حزبەكان بەگەرمی پروپاگەندە دەكەن تا خەڵك بچن كارتی دەنگدان وەربگرنەوەو بەشداری لەدەنگداندا بكەن، لەولاشەوە دەنگۆی بایكۆت لەنیوخەڵكدا بلاوە، لەم نێوەدا بانگەوازی حزب چیە لەكاتێكدا ڕاگەیاندوە كە لەهەڵبژاردندا بەشداری ناكات؟ ئایا بەشداریەنەكردنی حزب بەمانای ئەوەدێت بانگەشە بۆ بایكۆتی هەڵبژاردن دەكات؟**

خەسرەو سایە: بەپێی مەنتق هەرحزبێك سیاسەتی چی بێت بەرامبەر بە هەر هەلبژاردنێك، هەر بۆ ئەوەش خەڵك بانگەوازدەكات. دیارە كاتێك حزبی ئێمە لەسەر ئەو بنەمایانەی كە لەوەلامی پرسیارەكەی پێشودا خستمەڕوو بەشداری ناكات لەم هەلبژاردنەدا و هەربەم پێیەش خەڵك بانگەواز دەكات بۆئەوەی لەم هەلبژاردنەدا بەشداری نەكەن، واتە بایكۆتی بكەن، بەلام ئەمە هێشتا تەواوی سیاسەتی حزب بەیان ناكات، لەكاتێكدا كە"بایكۆتی هەڵبژاردن" لەڕووی یاساییەوە گوێ بەوە نادات كە رێژەی بەشداربووان زۆرە یان كەم، تا ئەنجامی هەلبژاردنەكان پەكبخات. بەواتایەكیتر دەمەوێت بڵێم ئەگەر لە٩٠٪ی دەنگدەران بەشداری نەكەن و بایكۆت بگرنەبەر، سیستەمی هەڵبژاردن وایە كە هەڵبژاردن دوبارە ناكرێتەوە بەو دەلیلەی كە خەڵك بەرێژەیەكی كەم بەشداریان كردوە. هەربۆیە ئەو حزبانەی كە لەو لە ١٠٪ی كە دەنگیداوە و ڕیژەكەیان زیاترە خۆیان بەبراوەی هەلبژاردنەكە دەزانن و دەسەلات وەردەگرنەوە. كەوایە بایكۆت ئەگەرچی تەعبیریش بێت لە نارەزایەتیەكی گشتی خەڵك بەرامبەر بەدەسەلات و دۆخی ئێستا، بەلام بەتەنها بەمانای ئەوەی "دەنگ نەدەیت و لەماڵەوە دابنیشت" ناتوانێت فاكتۆرێكی یەكلاكەرەوە بێت.

بۆیە بانگەوازی حزبی ئێمە بۆ بەشدارینەكردنی خەڵك، بنگەوازیكە بۆ هێنانەمەیدانی نارەزایەتی و خواستەكانی جەماوەر. بانگەوازیكە كە خەڵكی مەحرومی كوردستان هەرلەئێستاوە تا ڕۆژی دەنگدان لەدەوری

خواستەکانی خۆیان کۆببنەوەو لەناوەندەکانی کار، لەگەڕەک و لەئاست شارو شارۆچکەکان، ڕیزەکانی خۆیان یەکگرتوو بکەن و لائیحەی داخوازیەکانی خۆیان بەرووی دەسەلاتدارانیدا بدەنەوە و رابگەیەنن کە نان و کارو مەعیشەت و خزمەتگوزاری و ئازادی و ئاسایشی کۆمەلایەتیمان دەویت. ئیمە دەمانەویت لەم بیکاری و بیموچەیی و نەبونی خزمەتگوزاری و لەو پشێویەی کە دەسەلاتداران بەسەر کۆمەلگادا دایان سەپاندووە چیتر ژیان بکەین. دەبێ بایکۆتی هەلبژاردن هاوکات بێت لەگەڵ بەرزکردنەوەی ئەو دەنگەدا کەدەڵێت "هەلبژاردن بۆ خۆتان، نان و ئازادی و خزمەتگوزاریش بۆئیمە".. ئیوە بیهێننە بەرچاوی خۆتان ئەگەر هەلسوراوانی جەماوەری و کریکاری، ئەگەر لاوان و ژنان و فەرمانبەران و بێکاران و خەڵکی مەحرومی کۆمەلگا یەکگرتوانە دەست بنێنە نیودەستی یەکتر ولەدەوری خواستی موچە، دامەزراندن، خزمەتگوزاری و.. پێبنێنە مەیدانەوەو ناوەندی شارەکان پربکەن، ئەوکات هەلبژاردن چ مانایەکی دەمێنێتەوە؟ ئایا ئیتر هیچ کاندیدێک دەتوانی دەرکەوێت؟ هیچ سندوقێک دەتوانرێ دابنرێ؟ بەبراوای من ئەگەر زۆرینەی خەڵک بەمشێوەیە بایکۆت بکەن و ئەم ڕێگایە بگرنەبەر، نەک هەر سیناریۆی گاڵتەجاڕی هەڵبژاردن لەحزبەکان ڕووبەڕوی شکست دەکاتەوە، بەڵکو لەبنەوە هاوکێشەی هێزی نیوان جەماوەرو دەسەلاتداران وەهموو ئەو حزبانە دەگۆڕی کە لەهەولی فریودانی خەڵکدان.

**ئۆکتۆبەر: بەلام هاوڕی خەسرەو حزبە بەناو ئۆپۆزسیۆنەکان ئەو بۆچوونە بلاودەکەنەوە کە لەئیستدا نە شۆڕش دەکرێ و نەکودەتا، خەلک ڕێگای تریان لەبەردەمدا نیە جگە لەوەی کە بەشداری لەهەڵبژاردندا بکەن و پەنابەرن بۆ سندوقەکانی دەنگدان و تۆڵەی خۆیان لەحزبەکانی دەسەلاتدار بکەنەوە. ڕای ئێوە لەسەر ئەم بۆچوونە چیە؟ حزب چ ڕێگایەک دەخاتەبەردەم خەلک بەرامبەر بەم هەڵبژاردنە ؟**

خەسرەو سایە: بەرای من ئەم قسانە هی ئەو حزب و کەسانەیە کە لەژێر سیبەری کۆمپانیاکانی یەکیەتی و پارتیدا دەخۆن و ئەو بازارە بەرەلاو سەراپا گەندەلیەی کە دەسەلات فەرشی بۆڕاخستوە و ناویان ناوە"بازاڕی ئازاد" خەریکی کۆکردنەوەی سەرمایەو بەتالکردنەوەی گیرفانی خەلکی هەژارو کەمدەرامەتن، ئەمانە هەرچەندە گلەیی و نارازی بن بەدەسەلاتی یەکیەتی و پارتی، بەلام لە ڕاپەڕین و شۆڕشی برسیەکان و ژنان دەترسن، چونکە ئەم کارە بەرژەوەندیەکانی ئەوانیش رادەمالێت. بەدلنیایەوە حزبەکەی شاسوار عبدولواحیدو ئیسلامیەکان و کەسانێکی هەلبراو لەحزبەکان، کە خاوەنی کۆمپانیاکانی بازرگانی و دروستکردنی بیناو شوقەو قاچاخچێتین، لەزەرەریانە ئەم دۆخەیان لەدەست بچیت، هەربۆیە دەڵێن "هەمومان لەکەشتیەکداین ئەگەر غەرقبێت، هەمومان دەمرین". لەکاتێکدا ئەو کەشتیەی کەپارتی و یەکیەتی و ئەم حزبانەی ناوی خۆیان ناوە"ئۆپۆزسیۆن" کۆکردۆتەوە، ئەو کەشتیە نیە کە خەلکی کرێکارو زەحمەتکێش و ژنان و لاوان و کارمەندان سورای بون و نارازین بەدۆخی خۆیان و دەیانەوێت لە دەردومەینەتیەکانی ژیانی ئەمرۆیان رزگاریان ببێت. ئەوانەی کە دەڵێن" ڕێگایەکی تر نیە جگەلە هەلبژاردن"، مەبەستیانە خەڵک دەست لە ڕاپەرین و شۆڕش هەلگرێ و لەو چوارچیوەیەدا بمێننەوە کە پارتی و یەکیەتی بەناوی دیموکراسی و هەلبژاردن دایانرشتوە، مەبەستیانە "قەوارەی هەرێم" وەک دەستکەوت و حوکمەتی خەلک بناسێنن و بیپارێزن لەتورەیی و نارەزایەتی جەماوەر. بەلام ئەگەر هەلبژاردن ڕیگای ئەو گۆڕانکاریە نەبێت کە بەقازانجی خەلک و بەدیهێنانی داخوازیەکانیانە، کەوایە چ ڕێگایەک لەپێشە؟

وەلامی ئەم پرسیارە، خەلکی نارازی کوردستان لە١٧ی شوباتی ساڵی ٢٠١١وەوە بەکردەوە داویەتەوە. ئەویش هاتنەمەیدانی یەکگرتوانەی خەلکی کرێکارو زەحمەتکێشە لەبزوتنەوەیەکی چینایەتی و سەربەخۆی جەماوەریدا، بۆ بەدەستهێنانی نان و کارو ئازادی، بۆ مووچەو خۆشگوزەرانی و باشبژێوی، کەوایە ڕێگایەک کە لەبەردەم خەلکی نارازیدایە، ڕاپەڕین و شۆڕشە، کەنەک هەر دەسەلات و سیستەمی ئێستا هەلدەتەکێنێ، بەلکو ئیرادەی هۆشیارانەو یەکگرتوی جەماوەر دەکاتە سەرچاوەی بەڕیوەبردنی کۆمەلگا و سیستمێک دەخاتە جێگای کە ئازادی و خۆشگوزەرانی بۆ هەموان مەیسەر دەکات.

**هەڵبژاردن دەست بۆ پایەی سیستەمی سیاسی و چینایەتی نابات، بەڵکو لە مەترسی شۆڕش دەیپارێزیت!**

**بژاردەی چینی کرێکار و جەماوەری بێبەشی کوردستان، بەشداریکردن لەگاڵتەجاری هەڵبژاردنی حزبە مافیایی و دزەکاندا نییە، بەڵکو ڕاماڵین و سپاردنی تۆمەتبارانیانە بەدادگای عادلانەی جەماوەری! سیاسەتبازەکانی ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی دۆستی درۆینەی ئێوەن و کاریان پاراستنی دۆخی ئێستایە لەزەبری تورەیی و شۆڕشی ئێوە بەناوی دژایەتیکردنی ئەو دەسەڵاتەو حزبە دەسەڵاتدارەکانەوە!**

# کۆنفرانسی پێنجەمی ڕێکخراوی دەرەوەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان سەرکەوتوانە کۆتایی هات!




لە ڕۆژانی ٢١ و ٢٢ی مانگی ئەیلولی ٢٠٢٤ ڕێکخراوی دەرەوەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان بە بەشداری سەرجەم نوێنەرانی ڕێکخستنەکانی حزب لە وڵاتەکانی ئەوروپا و کەنەدا و بە میوانداریی ژمارەیەک ئەندام و دۆستی حزب و شاندێکی ڕێکخراوی دەرەوەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق و بە ئامادەبوونی هاوڕێ عبدالله محمود، نوێنەری مەکتەبی سیاسی، لە وڵاتی فینلاند، کۆنفرانسی پێنجەمی خۆی بەست.

سەرەتا، بە مەبەستی شەرعییەتدان بە کۆنفرانس، کۆمیتەی ڕابەری ڕاپۆرتی لیژنەی سەرپەرشتیاری سەبارەت بە پرۆسەی هەڵبژاردنی نوێنەران پێشکەشکرد و بە تێکڕای دەنگی نوێنەرانی ئامادەبوو، ئەنجامەکانی ڕاپۆرتەکە پەسەندکرا. بەمجۆرە کۆنفرانسی پێنجەم شەرعیەتی یاسایی وەرگرت.

بەدوای ئەوەدا بەرپرسی پێشووی ڕێکخراوی دەرەوە لیژنەیەکی بۆ بەڕێوەبردنی بەرنامەی کاری کۆنفرانس پێشنیارکرد و پەسەندکرا. پاشان لیژنەی سەرپەرشتیاری کۆنفرانس بەسرودی ئەنتەرناسیونال و دەقیقەیەک ڕاوەستان بۆ ڕێزگرتن لە یادی گیانبەختکردوی ڕێگای ئازادی و سۆشیالیزم کارەکانی خۆی دەستپێکرد.

سەرەتای کارەکانی کۆنفرانس بە وتەی دەشتی جەمال دەستی پێکرد. دەشتی جەمال باسی لەو ئاڵوگۆڕانە کرد کە لەدنیادا هاتوتە ئاراوە و کاریگەریی گەورەی لەسەر کۆمەڵگەی بەشەری و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و خەباتی چینایەتی داناوە لەسەر ئاستی جیهانی و هەروەها لەسەر ئاستی عێراق و کوردستاندا. هەروەها پێداگری لەسەر ئەوە کرد کە پێویستە ڕێکخراوی دەرەوەی حزب لەسەر هەمان ئاراستەی سیاسی کۆنگرەی شەشەمی حزب نەخشەکار و هەنگاوەکانی داهاتووی خۆی دیاری بکات. بەدوای ئەودا هاوڕێ عەبدوڵا مەحمود بە نوێنەرایەتی مەکتەبی سیاسی حزب وتەیەکی پێشەکەش کرد کە تێیدا ئاماژەی بە جێگاوڕێگای پێشەنگی ڕێکخراوی دەرەوەی حزب کرد لەڕێڕەوی بەرەوپێشبردنی کارەکانی حزبدا لە دەرەوەی وڵات.

پاشان هاوڕێ ابراهیم محمد نوێنەری ڕێکخراوی دەرەوەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق، دوای پیرۆزبایی لە بەستنی کۆنفرانس، ئاماژەی بە هاوسەنگەری خەباتی هەردوو حزب کرد لە خەبات دژی بۆرژوازی لە عێراق و کوردستان.

دوای پەسەندکردنی پەیڕەو و بەرنامەی کاری کۆنفرانس لەلایەن نوێنەرانەوە، کارەکانی کۆنفرانس دەستی پێکرد کە بریتی بوون لە: ١/ هەڵسەنگاندنی ڕاپۆرتی کار و چالاکیەکانی دەورەی ڕابردوو.
٢/بەڵگەنامەی ئاراستە و ئەولەویاتەکانی ڕێکخراوی دەرەوە بۆ دەورەی داهاتوو.
٣/ چۆنیەتی بەرەوپێشبردنی باری دارایی حزب. ٤/ بڕیار و بڕیارنامەکان.
٥/ ئارایشی ڕێکخراوی دەرەوە و هەڵبژاردن.
٦/ وتەی کۆتایی کۆنفرانس.

لە بەندی یەکەمی بەرنامەی کاری کۆنفرانسدا سەبارەت بە کار و چالاکییەکانی دەورەی پێشووی ڕێکخراوی دەرەوە و خاڵە لاواز و بەهێزەکانی قسەوباسکرا و بەگشتی بە پۆزەتیڤ هەڵسەنگێنرا و پێداگری لەسەر ئەوە کرا کە هەنگاوەکانی داهاتوو نەک هەر دەبێ کەموکورییەکانی پێشوو پڕبکاتەوە، بەڵکو دەبێ ڕێکخراوی دەرەوەی حزب بەعەزمێکی گەورەترەوە کارەکانی داهاتووی دیاری بکات و جێبەجێیان بکات.

دووهەمین بەندی باسەکانی کۆنفرانس لەلایەن هاوڕێ جەمال موحسین پێشکەشکرا کە هەوڵیدا سەرنجی نوێنەران بۆ گرنگترین ئەو مەیدانانە ڕابکێشێت کە پێویستە ڕێکخراوی دەرەوە لەچوارچێوەی ئاراستەو جیهەتگیری کۆنگرەی شەشەمی حزبدا پێی هەڵستن.

باسی سێهەمی کۆنفرانس بریتی بوو لە چۆنیەتی بەهێزکردنی توانایی دارایی حزب کە لەلایەن هاوڕێ جەلال

سەعیدەوە پێشکەش کرا. بەندی دواتری کۆنفرانس بریتی بوو لە بڕیار و بڕیارنامەکان. لەم بەشەدا سەرەتا هاوڕێ بنار مستەفا سەبارەت بە بڕیارێکی پێشنیارکراوی خۆی سەبارەت بە کارەکانی داهاتووی ڕێکخراوی دەرەوە ڕوونکردنەوەیەکی پێشکەش کرد. دواتر بڕیارەکەی هاوڕێ بنار و کۆمەڵێک بڕیاری دیکە خرانە بەر دەنگدانەوە کە بەزۆرینەی دەنگی هاوڕێیانی نوێنەر پەسەندکران، لەوانە بەڵگەنامەی ئاراستە و ئەولەویاتەکانی ڕێکخراوی دەرەوە و چەند بڕیاری گرنگی دیکە بە ئاقاری توندوتۆڵکردنەوەی ڕێکخستنەکانی حزب لە دەرەوە و بەرەوپێشبردنی کارەکان.

دوابڕگەی کۆنفرانس ئارایشی کۆمیتەی ڕابەری داهاتوو بوو کە ئەم هاوڕێیانە وەکو ئەندامانی کۆمیتەی ڕابەری ڕێکخراوی دەرەوەی حزب هەڵبژێردران: ئیبراهیم حسێن، جەمال موحسین، شیرین ئەحمەد، جەلال سەعید، نوری بەشیر، موحسین کەریم، گەشاو ڕەحیم، بنار مستەفا، دەشتی جەمال، ڕێنوار جەبار، ئاراس ڕەشید، سەردار عەبدوڵا حەمە، دلشاد مەجید، عوسمان ئەحمەد و سەوسەن سەلیم بە ئەندامانی کۆمیتەی ڕابەری داهاتوو هەڵبژێردران.

کۆمیتەی ڕابەری لە یەکەم کۆبوونەوەی خۆیدا دەشتی جەمالی بە بەرپرسی ڕێکخراوی دەرەوە هەڵبژارد. هەروەها هەر یەک لەهاوڕێیان حەمید نادر و دانا بەهادینی بە ڕاوێژکاری کۆمیتەی ڕابەری دیاریکرد. بەم شێوەیە کۆنفرانس پاش دوو ڕۆژ لە فەزای شۆڕوشەوق و ئامادەیی هاوڕێیان بۆ کاروباری دەورەی ئایندەی حزب لە دەرەوە، کارەکانی سەرکەوتووانە کۆتایی پێهێنا.

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان، ڕێکخراوی دەرەوە**
**۲۳/۹/۲۰۲٤**

.............................................

## دەقی وتاری دەشتی جەمال لە کرانەوەی کۆنفرانسی پێنجەمی ڕێکخراوی دەرەوە



هاوڕێیان، نوێنەرانی کۆنفرانس
هاوڕێیانی میوان و بەشدارانی کۆنفرانس
بەیانیتان باش!

لەقوڵایی دڵمەوە بەگەرمی بەخێرهاتنتان دەکەم بۆ کۆنفرانسی پێنجەمی ڕێکخراوی دەرەوەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان. هەروەها بەگەرمی بەخێرهاتنی هاوڕێیانی وەفدی ڕێکخراوی دەرەوەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق دەکەم بۆ ئامادەبوونیان لەگەڵ ئێمە لەم کۆنفرانسەدا. هیوادارم کاتژمێرەکانی داهاتوو پێکەوە بتوانین جەدەل و قسەوباسەکانمان بچێتە سەر ئەو ئەرک و ئاراستانەی کۆنگرەی شەشەمی حزب دیاریکردوە و لەبەر ڕۆشنایی ئەودا بتوانین بەرنامە و کار و هەڵسووڕانی دەرەوەی وڵات دیاری بکەین.

هاوڕێیان!

ماوەی زیاتر لە دوو ساڵ بەسەر کۆنفرانسی چواردا تێدەپەڕێت، ئەم ماوەیە چەندین ئاڵوگۆڕی نوێی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی لەدنیادا هاتوتە ئاراوە کە کاریگەریی گەورەی لەسەر کۆمەڵگەی بەشەری و بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکان و کێشمەکێش و خەباتی چینایەتی داناوە. ئەمڕۆ جیهان بەهۆی کێشمەکێشی جەمسەرە جیهانیەکانەوە لەپێناو شکڵدان بە سیستەمێکی نوێی جیهانی چەند جەمسەریدا، کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیان خستوەتە ناو فەزای جەنگ و تەنانەت بەرەو ڕووی مەترسی بەرپاکردنی جەنگیان کردۆتەوە. جەنگ لە ئوکرانیاو غەززە ... هەموو هاوکێشە سیاسیەکان و یاسا و ڕێسا جیهانیەکانی گۆڕیوە و پەرەی بە ڕەگەزپەرستی و کۆنەپەرستی داوە و کوشتاری بەکۆمەڵ و کۆرپەکوژی و دڕندەیی و جینۆسایدێک کە بەڕێوە دەچێت، کورەی هۆلۆکۆستی نازیەکان بیری مرۆڤایەتی دەهێنێتەوە.

خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بەکردەوە بۆتە مەیدانێکی سەرلەنوێ دابەشکردنەوەی جیهان و ئەو ئاڵوگۆڕ و ململانێیانەی جەمسەرە جیهانیەکان کە لەپێناو پچرینی بەشی زیاتر و کەڵەکە کردنی قازانج و سودی زیاترە بۆ سەرمایە، مرۆڤایەتیان ڕووبەڕوو کردۆتەوە. کۆمەڵگای عێراق و کوردستانیش لەژێر کاریگەریی ئەم ئاڵوگۆڕ و پێشهاتە جیهانیانەدا قەراریان گرتوە. دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد لەژێر کاریگەریی ئەوزاعی جیهان و ناوچەکەدا لەگەڵ بنبەست و بێئاسۆیی سیاسی و قەیرانی حکومەتیدا ڕووبەڕوو بووە. ئاسەوارەکانی قەیرانی حکومەتی لە کوردستان پەرتەوازەیی لەڕیزەکانی ئەحزابی دەسەڵاتدارادا پەرەپێداوە و هاوکات فشارەکانی حکومەتی ناوەند ئەوانی ناچارکردوە بە سەرنەوی کردن بۆ بڕیارەکانی حکومەتی ناوەندی و ملدان بە هەنگاوەکانی مەرکەزی بوونەوەی دەسەڵات و حکومەت!

حزبی ئێمە کە حزبێکە ئاڵای ئاڵوگۆڕی ڕیشەیی سیاسی و ئابووری و کۆتاییهێنان بە دەور و دەسەڵاتی ئەحزابی بۆرجوازی بەرز کردۆتەوە. خاوەنی بەرنامە و ستراتیجیکی ڕۆشنە و دەیەوێ بەکردەوە هەنگاوەکانی بەرەو بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسی دەستنیشان بکات و ئەڵتەرناتیڤی سیاسی خۆی بۆ ئەو دۆخە خستوەتەڕوو. بەتایبەتی لە کۆنگرەی ٦١دا چوارچێوەی گشتی ئەو هەنگاوانە دەستنیشان کراون و ئاراستەی سیاسی حزبی دیاریکردوە. لە ماوەی چەند مانگی دوای

کۆنگرەدا بەو ئاراستەیەدا کاری کردوە و هەنگاوی ناوە.

هەروەک چۆن لەناوەوە هەوڵەکان بە ئاراستەی دامەزراندنی حزبێکی سیاسیە کە دەیەوێت دەسەڵات بگرێت، ئەوا لە دەرەوەی وڵاتیش دەبێ بە هەمان خەسڵەتی حزبێکی لەوجۆرە هەنگاو هەڵبگرین کە ئامادەیی هەبێت لەئاست ئەو بەرپرسیاریەتیەدا و نوێنەرایەتی حزبێکی لەو چەشنە بکات لە مەیدانەکانی خەباتیدا لە دەرەوەی وڵات.

ئێمە پێویستە لەم کۆنفرانسەدا لە پەیوەند بەو هەلومەرجەی عێراق و کوردستان و ناوچەکە و جیهان پیا تێپەڕ دەبێت، لەچوارچێوەی نەخشە و ئاسۆ و ستراتیجێک کە حزب دیاریکردوە، بەرنامە و ئەولەویاتی خۆمان دیاری بکەین.

لەسەر ئاستی جیهان و ئەو وڵاتانەی کە لێیان نیشتەجێین، دەتوانین ببینە ناوکۆکەی پێکهێنانی بلۆکێکی ئینسانی رادیکاڵ و چەپ و ئازادیخواز دژ بە شەڕ و میلیتاریزمی دەوڵەتانی ئیمپریالیستی و هەڕەشەکانیان بۆ کێشکردنی دنیا بەرەو شەڕێکی وێرانکەر، کە هەرئێستا بەجۆرێک بزووتنەوەیەکی جەماوەری کرێکاری و مرۆڤدۆستی و ئازادیخواز لەهەموو ئەو مەیدانانەدا بەرێکەوتووە و زەمینەی کاریکی لەوجۆرە فەراهەمترە.

هەروەها دەتوانین نەخشی بەرچاومان هەبێت دژی سیاسەتی لێگرتنەوە و سکهەڵگوشین و بێکارسازی و پەرەدان بە راسیزم و پەرەدان بە دووبەرەکی و دوژمنایەتی لەنێوان بەشەکانی چینی کرێکاردا دەوری شایستەی خۆمان بگێڕین وەکو بەشێک لە بزووتنەوەی کرێکاری و کۆمۆنیستی جیهانی و دەورمان هەبێ لە دروستکردنی پەیوەندی خەباتکارانە لەگەڵ رێکخراوە کرێکاری و سۆسیالیستی و ئازادیخواز و کۆمۆنیستیەکاندا، بۆ ئەنجامدانی ئەو ئەرکە چینایەتیەمان.

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان و رێکخراوی دەرەوەی حزب ئەو توانایی‌یەی هەیە و مێژووی هەڵسووڕانی ئەو راستیە دەسەلمێنێ کە ئەگەر بە ئامادەییەوە بچێتە پای ئەو ئەرکە، دەتوانێ نەخشی بەرچاوی هەبێت. خەسڵەتی رادیکاڵ و مارکسیستی حزب و پێداگری قایمی لەسەر خەباتی چینایەتی چینی کرێکار بەرامبەر بە سیستەمی سەرمایەداری و شۆڕشی کرێکاری و دەسەڵاتی چینی کرێکار ...و بوونی ریزێک لە کادرانی بەرچاورۆشن و مارکسیست ئەو دەرفەتە دەرەخسێنێ بۆ ئەنجامدانی ئەو ئەرکە.

حزب دەتوانیت بە سیاسەتی تیژ و ماکزیمالیست و خەتێکی سیاسی و فکری و ئینسانگەراییەکەی دەوری بەرچاو ببینێت لە کۆکردنەوەی چەپ و ئازادیخواز و هەڵسووڕاوانی کرێکاری و سۆشیالستی و رابەرانی نارەزایەتیەکان لەئاستی ناوچەکە و جیهان بۆ دروستکردن و پێکهێنانی قوتبێکی رادیکاڵ و مرۆڤدۆستی کە بتوانێت نەک تەنها لەئاست پرس و کێشە و ململانێیەکاندا بەشێوەیەکی رێکخراو وەڵامی هەبێت، بەڵکو ئەم هێز و قوتبە جیهانیە لە دۆخی سیاسی ئێ ستای عێراق و کوردستان و ناوچەکە دەخالەت بێیکات و جەبهەی رادیکاڵ و ئازادیخواز و عەدالەتخواز و مرۆڤدۆستی لەو کۆمەڵگایانەدا بەهێز بکات بۆ ئەمەش پێویستمان بە پەلەکردنە لەکار و خەبات و دەستپێشخەریدا.

رۆڵی رابردوی رێکخراوی دەرەوەی ئێمە لە کاردانەوە بەرامبەر ملهوری ئەمپریالیستی و سەرەرۆیی راستی بورژوازی و بەربەریەتی ئیسرائیل بەرامبەر خەڵکی فەلەستین و زۆر بوار و مەیدانی تردا، لەپەیوەند بە راکێشانی پشتیوانی بۆخرۆشانی شۆرشگێرانەی ئێران و دەورێک کە رێکخراوی دەرەوە بەرجەستەیکرد، بە کردەوە ئەوەی سەلماندوە کە ئێمە ئەم کارەمان پێدەکرێت و تەنانەت کردومانە و دەبێ بە تینوتەوژمێکی زیاتر و ئیرادەیەکی مەحکەمتر و عەزمێکی بەهێزترەوە درێژەی بدەین.

هاورێیان!

بارودۆخێک کە عێراق و کوردستان پیا تێدەپەرێت، لەبنەرەتدا بەرئەنجامی دۆخی تازەی جیهان و ناوچەکەیە. چەند دەهەی رابردوی حاکمیەتی ئەحزابی میلیشایی قەومی وتایفی لە عێراق وئەحزابی ناسیونالیست لە کوردستان ئەوەی سەلماندوە کە دورونزیک ئەم سیستەمی حومکڕانیەی لەژێر ناوی کوردو عەرەبی سونەو شیعە بەرپایان کردوە، نەک هەر هیچ نزیکایەتی لەگەڵ خواست و ئامانجە ئینسانیەکانی خەڵکی عیراق و کوردستاندا نیە، بەڵکو راستەوخۆ کەوتوتە بەرامبەر نارەزایەتیەکی بەرفراوان کە خواستی راماڵینی ئەم هیزە میلیشایی و تایفیانە و ئازادی و خۆشگوزەرانی بەرزکردوتەوە .

حزبی ئێمە لە جەرگەی ئەو هەلومەرجەدا تێدەکۆشێت بۆ رێکخستن و رابەریکردنی ئەم بزوتنەوەیە. ئێمەش وەکو رێکخراوی دەرەوە ئەرکمانە تێبکۆشین بۆ ئەوەی دەرەوەی ولات بکەینە سەنگەر و مەیدانێکی گەرمی خەبات بۆ سەرخستنی ئەم ستراتیجەی حزب. دەرەوەی ولات بکەینە سەنگەرێکی کێشمەکیشی چینی کریکارو حزبەکەی لەسەر دەسەلات. توندوتۆلکردنەوەی رێخستنەکانی حزب لەدەرەوە و دامەزراندنی کۆمیتەی حزبی بەهێز لە ولاتەکان، هۆکارێکی سەرخستنی حزبە بەم ئاراستەیەدا. ئەمەش بەستراوەتەوە بەتواناو ئیرادەی تاک بەتاکی ئێمەوە وەکو کادرانی رێکخراوی دەرەوە.

هاورێیان

دەمەوێت سەرنجتان بۆ ئەم ئەرکە چارەنوسسازانە رابکێشم کە ئەم بارودۆخە تازەیە دەیخاتە سەرشانمان. بربرەپشتی حزبێکی سیاسی کۆمۆنیستی ریزیکی فراوانە لەکادرانی مارکسیستی کۆڵنەدەر کە لەرووی فکری و تیۆری و سیاسیەوە پابەندە بە مارکسیزم و شۆڕشی کرێکاری کە بە ئاسۆیەکی سیاسی کۆمۆنیستیەوە هەنگاو دەنێت بۆ بەهێزکردنی حزب.

جیاواز لەوەی کە دەمانەوێ

⇨ دەرەوەی وڵات بکەینە مەیدانێکی خەبات بۆ شۆڕشی کرێکاری و ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانە لە عێراق و کوردستان، تموحی ئەوەمانە کە ڕێکخراوی دەرەوە حزب بەوینەی ڕێکخراوی حزبێکی سیاسی کۆمۆنیستی میلیتانت و ئەنتەرناسیونالیست و شۆرشگیر ڕۆلی خۆی ببینێت لە پەیوەند بە کێشمەکێشە جیهانیەکان ئەو مەسەلانەی لە ولاتە جیاجیاکاندا دیتە پێشەوە.

تموحمان ئەوەیە لەشەری بەرەنگاری چینایەتیدا لە سەنگەری بەرژەوەندیەکانی چینی کریکاری وڵاتاندا دەرکەوێت و بە وێنەی بەشێک لە هێزی پێشرەوی چینی کریکار لەو ولاتانەدا بەگژی سیاسەتی جەنگخوازی و میلیتاریزم و ڕاستگەرایی و دژ بە هەژاری و بیکاری و ئەو دەردو موسیبەتانەدا بچێتەوە کەرووبەرووی چینی کرێکارو جەماوەری زەحمەتکێشی ئەم وولاتەنە دەبێتەوە.

هەروەها تموحمان ئەوەیە وەک کۆمۆنیستەکانی کوردستان هەوڵەکانمان بەئاراستەی بەهیزکردنی پێگەی کۆمۆنیزم لە کوردستان ببەین و نۆینەرایەتی مەسەلە گرنگەکانی کۆمەلگای عێراق و کوردستان بکەین بۆ بەرگری لە مەسەلەکانی کریکاران و ژنان و منالان بۆ ئازادی و یەکسانی وعەدالەتخوازی.

تموحمان ئەوەیە هۆکارێک بین بۆ ئەوەی سۆسیالیزم لە جیاتی فەرهەنگ و دابونەریتی ئەحزابی ناسیونالستی و ئیسلامی هەژمونی بکات بەسەر کوردستانیانی دەرەوەی وڵات. بۆئەوەی ئەوانیش بەشێکی گرنگ بن لەگەل ئێمە کاربکەن لە پێناو هەڵخڕاندنی بەشەریەتی موتەمەدینی جیهان بۆ ڕاوەستان لە پاڵ چینی کرێکار و خەڵک بۆ ئالوگۆری ریشەیی لەکوردستان و بەدیهێنانی سیستەمێک کە ئازادی و خۆشگوززەرانی بۆ ئەم خەڵکە مسوگەر بکات.

حزبی ئێمە ئەو شانسەی هەیە کە لە عێراقدا حزبی هاوشیوەی خۆی هەیە دەتوانن پێکەو لەئاستی سەراسەری ولاتەکاندا شان بەشانی یەک تێکۆشن بۆ بردنە پێشەوەی ئەم ئەرکانە و گۆڕینی دەرەوەی وڵات بە مەیدانێکی شۆرشی کریکاری و دامەزراندی سوشیالیزم لە عیراقدا. بەرامبەر بە کێشمەکیشە سیاسیەکانی ناوچەکە لەسەر مەسەلەی فەلەستین و وەستانەوە بەرامبەر



بەربەریەت و ملهوری ئیسرائیل و دەوری تێکدەرانە و فریوکارانەی کۆماری ئیسلامی ئیران وولاتانی تری عەرەبی نوێنەرایەتی جەمسەری ئازادیخوازی و سۆسیالیزم بکەین.

کۆنگرەی شەشەم پیداگریکرد لەسەر پیویستی بردنەسەری توانا سیاسی وعەمەلیەکانی حزب تا ئاستی حزبێکی سیاسی بەهێزوشورشگێر لە دژی ئەو کۆیرەوریانەی ئەحزابی بورجواناسیونالستی کورد بەسەر کۆمەڵگادا دایانسەپاندوە، پێداگری کرد لەسەر ئەوەی ئەم حزبە بەوینەی حزبێکی خوازیاری ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانە بەرجەستە بێت کە خەبات دەکات بۆ کۆتایهینان بەدەسەلاتی ستەمکارو چەوسینەری ئێستا و دامەزراندنی دەسەلاتداریتی جەماوەری کە ئاوات و ئامانجە ئینسانیەکانی کۆمەڵگا مسوگەر بکات.

هاورێیان !

ماوەتەوە بلێم بەرچاورۆشنی و خێرایی لەکار و توندوتۆڵی ڕێکخستنەکانمان مەرجی پێویستن بۆ مسۆگەر بوونی تموحەکانمان. ئێستە کاتی ئەوەیە لە دەرەوەی وڵات ڕیزێک لە کادر و ڕابەریەکی ڕاوەستا و لەسەر جیهەتگیریە سیاسیەکانی کۆنگرەدا لە مەیدان پێبەچەقێنین ، کاتی ئەوەیە هەریەکەمان کارێک لە ئەستۆ بگرین و ببینە پێشەنگی ئەو ڕەوەند و ئەرکانە لە بەرامبەریاندا قەرارمان گرتوە. کۆنگرەی شەشەمی حزب دەستی پڕکردوین و جێگاو ڕێگاو بایەخی دەرەوەی بەرز نرخاندوە، ماوەتەوە سەرئەوەی ئامادەیمان هەبێت بۆ لەئەستۆ گرتن و ڕاپەراندنی ئەرکەکانمان . بەهیوای لەم کۆنفرانسە دا بچینە سەر شەنوکەوکردنی نەخشەو ئەولەویەتەکانمان بۆ کاری داهاتوو.

بەسوپاسەوە، هەر سەرکەوتوو بن.

**سەرمایەداری نیزامێکی جیهانیە، چینی کرێکار چینێکی جیهانیە، کێشمەکێشی چینی کرێکار لەگەڵ بۆرژوازیدا کێشمەکێشێکی هەمەرۆژەیە لەئاستێکی جیهانیدا، هەروەها سۆسیالیزم ئەلتەرناتیڤێکە کە چینی کرێکار دەیخاتە بەردەم هەموو مرۆڤایەتی. بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی کرێکارییش دەبێ لەئاستێکی جیهانیدا ڕێکخراوبێت.**

# دەسەڵات بۆ گەڕان بەدوای ساماندا!

عوسمانی حاجی مارف

حزبەکانی کوردایەتی بە قۆستنەوەی مەسەلەی کورد و بەکارهێنانی ئەم مەسەلەیە لە هەڵسوڕانی سیاسیاندا، ڕەسمیەتیان بە خۆیان داوەو خۆیان بەناوی کێشەکانی کوردستانەوە ناساندوە.

دوای شەڕی یەکەمی کەنداو و هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٩٢، هەلێک هەڵکەوت لە ئەنجامدا حکومەتی هەرێمی کوردستان دامەزراو هەر دوو پارتی و یەکێتی گەیاندە دەسەڵاتی سیاسی. هەرچەندە لە مێژوی هەڵسوڕانی سیاسیاندا خۆیان وەک نوێنەری چارەسەری ستەمی میللی و کۆتایی هێنان بە چەوسانەوەی خەڵکی کوردستان ناساندوە، بەڵام ئەم کێشەیە تا ئێستا نەک چارەسەر نەبووە، بەڵکو ناسیۆنالستەکان بەردەوام سەوداو مامەڵەی پێوەدەکەن و نانی لێدەخۆن و سامانی پێکۆدەکەنەوەو هیچ کات نوێنەرایەتی ستەمی نەتەوایەتیان نەکردوە.

دوای ئەوەی جەنگی کەنداوی ساڵی ١٩٩١ فەراهەمبونی بۆشایی لە دەسەڵاتی سیاسی لە کوردستانی عێراق خولقاند، بووە هۆی بالادەستی پارتی و یەکێتی، وەک دوو هێزی میلیشیا. لە لەشکرکێشیەکەی ساڵی ٢٠٠٣ی ئەمریکاوە بۆ سەر عێراق، خزمەتێکی بێوێنەیان بە ئەمریکا کرد. لەهەمانکاتدا دۆخێکی تەواو ئاوالا کرایەوە بۆیان، کە لەرێگەی گەندەڵی و تالانچێتی و قاچاخچێتی و بازرگانی بە نەوتەوە سامانێکی بێشوماریان کەڵەکەکرد، هێزەکانیان و دەسەڵاتیان لە دوو ناوچەی جیاوازدا بە ناوی زۆنی زەردو سەوزەوە لە ئاستێکی بالادا چەسپاند و سنورەکانیان بۆ سامان پەیداکردن کۆنترۆڵ کرد.

شاراوە نیە بەشداریەکی جدییان لە پێکهێنانی حکومەتێکی نەتەوەیی و ئیسلامی و تائیفی و کۆنەپەرستی کرد لە عێراقدا. دەورو کاریگەری بەرچاویان لە چوارچێوەی پێکهێنانی دەوڵەتی عێراقدا بینی. بەلام دوای سی ساڵ زیاتر لە دەسەڵات و ٢٠ ساڵ دوای لەشکرکێشی ئەمریکا، حکومەتی هەرێم و بارزانی و تاڵەبانی، دیدێکی روونیان بۆ داهاتووی خۆیان نییە و لەنێو گێژاو و قەیرانێکدا گیریان کردوە، نازانن بەکوێدا دەیانبەن و چۆن سەردەردەهێننەوە. ئێستا جگە لە دابەزینی دەورو پێگەیان لە حکومەتی عێراقدا، لەهەمانکاتدا مەترسی لەدەستدانی پێگەو نفوزی سیاسیان لە ناو هەرێمیشدا چاوەڕوانیەکی تریانە.

شەڕی ناوخۆی نێوان پارتی و یەکێتی لە نێوان ساڵانی ١٩٩٤ بۆ ١٩٩٨، ئیعتباری هەردوو حزبی تێکشکاندو شتێک نەمایەوە بەناوی حکومەتی هەرێم، تا دوای ساڵی ٢٠٠٣، کە توانیان لە پاڵ ئەو تاڵان و بڕۆیەی ئەنجامیان ئەدا، ئەو هەلەش بقۆزنەوە، بۆ پێکهاتن لەسەر ئەوەی کە چەند نمونەیەک لە شێوازێکی حکومەتی هەرێم ڕاگەیەنن، هاوکات لە ماوەی دوو دەیەی ڕابردودا نەوەیەکی نوێ لە هەردوو بنەماڵەی بارزانی و تاڵەبانی ڕۆڵی سەرکردایەتیان وەرگرتووە، بە مانایەک هەردوولایان کە بانگەوازێکی چەواشەکاریان بۆ دیموکراسی دەکرد، هەر بۆ خۆیان پوچەڵیان کردەوەو دەسەڵاتی بنەماڵەیان چەسپاند.

تا ناوەڕاستی ساڵی ٢٠٢٢، حکومەتی هەرێم نزیک ٤٥٠ هەزار بەرمیل نەوتی لە ڕۆژێکدا بەرهەم دەهێنا، کە زۆرینەی لە ڕێگەی بۆری سەربەخۆی هەرێمەوە لە ڕێگەی تورکیاوە هەناردە دەکرا. تەنها لە چارەکی دووەمی ساڵی ٢٠٢٢دا، فرۆشی نەوت لە کوردستانی عێراق کۆی داهاتی ٣.٧٧ ملیار دۆلاری بەدەستهێناوە. لەکاتێکدا تەنها لەسەدا ٤١ی ئەو داهاتانە گەیشتە خەزێنەی حکومەتی هەرێم. سەبارەت بە غازی سروشتیش، ئەو بەرهەمەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەیخاتە بازاڕەوە لە ساڵی ٢٠٢١دا ساڵانە گەیشتووەتە نزیکەی 5.3 ملیار مەتر سێجا.

بارزانی و تاڵەبانی وەک دوو هێزی میلیشیاو خاوەن دەسەڵات، سودێکی زۆریان لە هەڵکەوتەی جوگرافی و سنورەکان وەرگرت، کە وەک دوو کۆمپانیای قاچاخچی بۆیان بوو بە ڕێڕەوێکی بازرگانی ناوچەیی و شوێنی مەبەست. تورکیا کە تاکە سنووری وشکانی لەگەڵ عێراق بە هەرێمی کوردستاندا تێدەپەڕێت، گەورەترین هاوبەشی بازرگانی دەسەڵاتی بارزانیە، کە لە ساڵی ٢٠١٧ ئاڵوگۆڕی بازرگانی نێوان تورکیە و کوردستانی عێراق گەیشتە دوو ملیار و پێنج ملیۆن دۆلار، کە نزیکەی یەک لەسەر سێی کۆی ئاڵوگۆڕی بازرگانی ئەنقەرەیە لەگەڵ عێراقدا. بەهەمان شێوە یەک لەسەر سێی هاوردەکردنی عێراق لە ئێرانەوە – کە ساڵانە بە دوو ملیار و چوارسەد ملیۆن دۆلار مەزندە دەکرێت – دەگاتە کوردستانی عێراق. جگە لەوەی لە٥٠٪ی هەناردەی ئێران بۆ عێراق لە دەروازە سنووریەکانی ژێر دەسەڵاتی تاڵەبانی تێدەپەڕێت.

ئیدیعای خاوەنداریتی لە نەوتی هەرێم لەلایەن حکومەتی فیدراڵیەوە، حکومەتی هەرێمی کوردستانی ناچار کرد بەهۆی مەترسیە سیاسیەکانەوە بە نرخێکی کەم نەوت بفرۆشێت. جگە لەوەش ناکۆکیەکانی نێوان هەولێر و بەغدا لەسەر داهاتی نەوت و گومرگ لە ساڵی ٢٠١٤بەرەو خراپتر دەردەکەوت، ئەمەش وایکرد بەغدا پشکی حکومەتی هەرێم لە بودجەی

⟸

نیشتمانی ببرێت. لە ساڵی ٢٠٢٢ دادگای باڵای فیدراڵی عێراق بە فەرمی بڕیاریدا کە یاسای سامانە سروشتیەکانی حکومەتی هەرێم و گرێبەستە نەوتیەکان و هەناردەکردنی نادەستوریە. هەروەها حکومەتی عێراق سکاڵای یاسایی لەسەر تورکیە لە دادگاکانی ناوبژیوانی نێودەوڵەتی تۆمارکرد لەسەر ڕێگەدان بە "حکومەتی هەرێم" بۆ بەکارهێنانی بۆری عێراق-تورکیا بەبێ ڕەزامەندی بەغدا. لەکاتێکدا ئەم بابەتە دەنوسرا، دادگا هەڵوێستی عێراقی پشتراستکردەوە و تورکیای ناچارکرد هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان رابگرێت. بەم جۆرەش ئایندەی کەرتی سەربەخۆی وزەی حکومەتی هەرێم بە نادیاری ماوەتەوە.

سەرەرای دەستکەوتە سەرنجراکێشەکانی بارزانی و تاڵەبانی لە ماوەی ئەو سی ساڵەدا لە کەڵەکەکردنی سەرمایە، بەڵام بەبێ بایەخدان بە دامەزراندن و جێگیرکردنی چەسپاندن و جێخستنی حکومەتێکی یەکدەست و سەراسەری لە هەرێمدا، یان بەرگرینەکردن لە سەربەخۆیی کوردستان، ئاشکرایە دواجار مایەپوچ سەریان دەلەقێن.

ئەم پرۆسەیەی لە دۆخی ئێستای عێراقدا دەیبینین، کە هەوڵدانی جدیە بۆ ناوەندبونەوەی عێراق و سنوردارکردنی دەسەڵاتی بارزانی و تاڵەبانی، لە چوارچێوەی کۆتایی دەورەیەکدایە کە ناوچەکە بەگشتی و عێراق بە تایبەتی، دەگوێزێتەوە بۆ دەورەیەکی تازە، کە هەوڵدانی کۆنترۆڵکردنی ئاسایشە بۆ سەرمایەگوزاری و چونە ناو دۆخێکی تازە لە گەشەی پرۆژە ئابوریەکان، بەبێ ئەوەی لەم پرۆسەیەدا حساباتێک بۆ حکومەتی هەرێم و دەسەڵاتی بارزانی و تاڵەبانی لە خاڵێکی دیاریکراودا جێگایەکیان بۆ دیاری کرابێت.

بەگشتی لەم ئاڵوگۆڕانەی ناوچەکە و جەختکردن و هەنگاونان بۆ ناوەندکردنەوەی حکومەتی عێراق، ڕۆشنە پێگەی هەرێم زیاتر خۆی لە پاشکۆبونی هەنگاوبەهەنگاوی بەغداوە دەبەستێتەوە، بارزانی و تاڵەبانیش ئەمەیان قەبوڵ کردوە، گرنگ ئەوەیە بۆیان دەسەڵاتێکیان هەبێت، بەهەرجۆرێک بێت سامانێکیان بۆ دابین کات، هەر بۆیە باسێک نەماوە لە بەکارهێنانی مەسەلەی کوردو دەوڵەتی سەربەخۆ.

لە ماوەی دوو دەیەی ڕابردوودا نیشانەکانی بازاڕی ئازاد و سیستەمی گەندەڵی بەربڵاو نیشان دەدەن. لەم نێوەندەدا دەستراگەیشتنیان بە سەروەت و سامان و کەڵەکەی سەرمایەیان پەیوەست کردوە بە دەسەڵاتی سیاسیەوە، تا لەرێگای دەسەڵاتی سیاسیەوە تاڵانی و بازرگانی و قۆرخکردنی تەواوی سەرمایە لە ژێر دەسەڵاتی خۆیاندا بەرێوە دەچێت.

لەگەڵ بەرجەستەبونەوەی زیاتری دوو ئیدارەیی و گۆڕینی هاوسەنگی هێزی بارزانی و تاڵەبانی لە بەرامبەر حکومەتی عێراقدا، ئەوەی شایانی باسە لە دوای ڕیفراندۆمەوە سەرکردەکانی حکومەتی هەرێم بۆچونیان سەبارەت بە پێگەی خۆیان لە چوارچێوەی نەخشەکانی حکومەتی عێراقدا ناکۆکن، بەتایبەتی لەسەر چۆنیەتی گەرانەوەیان بۆ بەغداد و مامەڵەی ئایندەیان لە پەیوەندیان بە حکومەتی عێراقەوە چۆن دەبێت، کە نارۆشن و ناتەبان، وەک ئەوەی لە چاوەڕێی قەدەرێکدا دۆشداماون، چونکە ئەزمونەکەیان بە شکست گەیاندوە. هەر بۆیە ئەو پرسیارەش لێرەدا دێتە پێشەوە، ئایا ئابوری هەرێم لەم کەین و بەینەی وابەستەبون و پاشکۆبون بۆ بەرنامەو بڕیارەکانی حکومەتی عێراق و بە پشتبەستن بە هاوکاری دەرەکی و گواستنەوەی بودجە لە بەغداوە بۆ هەرێم، ئایا دەتوانن بمێننەوە؟ یان چۆن دەمێننەوە؟ واتە لە ڕێرەوی ئەم پرۆسەیەدا چۆن لەرێگەی دەسەڵاتەوە دابینی سامان و داهاتیان دەکەن، کاتێک دەسەڵات لە حکومەتی عێراقدا کۆنترۆڵی تەواوی جومگە ئابوریەکان بکات!

★

**حکومەت و دەسەڵاتی بزوتنەوەی کوردایەتی شکستی خۆی راگەیاندووە مانەوەی تەنها کارەساتەکانی ژیانی خەڵک زیاتر دەکات! کاتی ئەوە هاتوە خەڵک خۆتان بریاری کۆتایی بدەن و شێوازی ژیان و ئایندەی خۆتان دەستنیشان بکەن.**


سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی: **عوسمانی حاجی مارف**
مۆبایل:00964(0)7701570050
Email: Osman_maruf@yahoo.com
سەرۆکی مەکتەبی سیاسی: **خەسرەو سایە**
00964(0)7701521043
Email: saya.xasraw@yahoo.co.uk
ڕێکخراوی دەرەوە: **دەشتی جەمال**
Mob: 0044(0)7856032991
Email: dashtyjamal@gmail.com
بەرپرسی سکرتاریەتی مەکتەبی سیاسی: **جەمال موحسین**
0047(0)47276028
Email:krtariati.ms@gmail.com



**ئۆکتۆبەر**
**ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**
سەرنوسەر : موحسن کەریم
ڤایبەر: 07700475533
مۆبایل:0044(0)7394013135
Muhsin_km@yahoo.com
ئۆکتۆبەر لە فەیسبووک:
October بڵاوکراوەی ئۆکتۆبەر
**ئۆکتۆبەر بخوێننەوە و بەدەستی دۆستان و ئاشنایانی خۆتانی بگەیەنن!**

# بەیاننامەی ژمارە ٧ی سێ حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ناوچەکە:
# تیرۆر و جینۆسایدی ئیسرائیل، لە غەززەوە تا لوبنان

دوای نزیکەی ساڵێک لە جینۆسایدکردنی خەڵکی فەلەستین و وێرانکردنی بەیەکجاری کەرتی غەززە و نەمانی ژیانکردن تێیدا، دوای ساڵێک لە تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی و تیرۆر و کوشتار لەلایەن ئامێری جەنگیی حکومەتی راسترەوی قەومی ئاینی ئیسرائیلەوە و پاش هەوڵدانێکی هەمەلایەنەی بۆ لەئاگر هەڵگیرسانی ناوچەکە و راکێشانی بەرەو جەنگێکی سەراپاگیر، رۆژانی سێشەممە و چوارشەممە، ١٧ و ١٨ی ئەیلوولی ٢٠٢٤، حکومەتی ئیسرائیل ئۆپەراسیۆنێکی تیرۆریستی فراوان و کوێرانەی خۆی لەدژی خەڵکی بێتاوانی لوبنانی لەژێرناوی هێرش بۆ سەر حیزبوڵڵا، دەستپێکرد. لەم دوو رۆژەدا رێکخراوی ئەمنی ئیسرائیلی، "مۆساد"، بە دووجار تەقینەوەی هەزاران پەیجەر و ئامێری پەیوەندی بێتەل و پەیوەندی بەکۆمەڵی لە لوبنان لە یەک کاتدا، لە شوێنە گشتییەکان، لە ناوەندەکانی کار و لە رێورەسمی پرسەی قوربانیانی یەکەمی رۆژی ئەم هێرشانەدا، بەگشتی ٣٧ کەس کوژراون و زیاتر لە ٣ هەزار کەسیش بریندار بوون.

ئەمە ئۆپەراسیۆنێکی تیرۆریستیە کە تیایدا دەزگاکانی پروپاگەندەکردن بۆ جەنگیی وڵاتانی رۆژئاوا وەک هێزی دەزگای هەواڵگری ئیسرائیل بەکارهێنراوە، هێزێک کە توانا و نفوزی لە حیزبوڵڵا زیاترە و توانای لە ئەندازە بەدەری بۆ بەکارهێنانی نوێترین تەکنەلۆجیا لە خزمەتی جەنگ و لە بنەڕەتدا بۆ ترساندنی خەڵک لە هێزی "گەورە و لەشکاندن نەهاتوو" گەیشتۆتە ئەوپەڕی خۆی.

دوای ئەم تاوانە ترسناکە، حکومەتی ئیسرائیل بۆردومانی بەرفراوانی شار و گوندەکانی لوبنانی دەستپێکرد، شوێنی نیشتەجێبوونی خەڵک و قوتابخانە و نەخۆشخانە و تەنانەت ئەمبولانسیشی کردە ئامانج، تا بەیانی رۆژی چوارشەممە نزیکەی ٦٠٠ کەس کوژران، کە لەنێویاندا دەیان منداڵ هەیە و دوو هەزار کەسیشی بریندار کردووە. دەستەی فەرمانڕەوای ئیسرائیل هاوشێوەی کوشتاری خەڵکی غەززە، فەرمانی داوە بە بەشێک لە خەڵکی لوبنان، لەوانەش بەیروت، کە ناوچەکە چۆڵ بکەن، چونکە ئیسرائیل نیازی بۆردومانکردنی ناوچەیەکی فراوانی هەیە. تا ئەمڕۆش دەیان هەزار کەس لە سەرتاسەری لوبنان ناچاربوون ماڵ و شارەکانیان بەجێبهێڵن و ئاوارەبوون.

دەوڵەتی فاشیستی ئیسرائیل کە سەرەڕای قەسابیکردنی دەیان هەزار کەسی بێتاوان لە کەرتی غەززە و کەرتی رۆژئاوا، سەرەڕای جینۆساید و تاوانەکانی جەنگ و درندەیەتیەکی بێسنوور، نەک هەر بە ئامانجە سیاسی و سەربازییەکانی خۆی نەگەیشتووە، بگرە گۆشەگیرە لە جیهاندا و لە نێو خەڵکی موتەمەدیندا، وە وەک رەشترین دەوڵەتی تیرۆریستی لە مێژووی مرۆڤایەتیدا بۆتە جێگای نەفرەت، دەوڵەتێک کە لە دەرونی خۆیدا لە قەیراندایە و هیچ داهاتوویەکی روونی لەبەردەمدا نییە و ماوەیەکی زۆرە بۆ دەربازکردنی خۆی لە هەوڵی فراوانکردنەوەی شەڕێکی ناوچەیی دایە. حکومەتی ئیسرائیل لە بۆردومانە بەردەوامەکانی سوریاوە تا کردەوەی تیرۆریستی لە ناوچەکە و دواین نموونەشی تیرۆرکردنی ئیسماعیل هەنیە لە تاران، لە هەڕەشە و تۆقاندن و پروپاگەندەکردنەوە بۆ جەنگی بەرفراوان، لە هەوڵدایە بۆ چوونە ناو شەڕەوە لەگەڵ ئێران. هەروەکو تریش دەستپێکردنی راستەوخۆی شەڕ لەگەڵ لوبنان، تاکە رێگایە بۆ رزگارکردن و بەردەوامیدان بە تەمەنی دەسەڵاتی زایۆنیستی خۆی، شەڕێک کە هەموو خەڵکی ناوچەکەی رووبەڕووی مەترسیەکی جدی کردۆتەوە. ئەمڕۆ فاشیزم و تیرۆریزمێکی لغاو بەربووی حکومەتی ئیسرائیل سەرەکیترین سەرچاوەی شەڕ و نائەمنی ناوچەکەیە.

حکومەتی ئەمریکا لە ترسی دەرئەنجامە سیاسییەکانی شەڕخوازی هەمەلایەنەی دەوڵەتی ئیسرائیل، لەگەڵ ئەوەدا کە "بێئاگاداری و دەستتێوەرنەدانی" رایگەیاندووە لە کردەوەی پەیجەرەکاندا و بە"موخالەفەتکردن" بەرامبەر بە پەرەسەندنی جەنگ، بەپاساوی "کەمکردنەوەی بارگرژیەکان"، هێزی سەربازیی خۆی رەوانەی ناوچەکە کردووە. ئەمریکا کە تا ئێستا سەرەکیترین سەرچاوەی جبەخانەی جەنگی و توانا لۆجستی و جاسوسیەکان و سەرەکیترین پشتیوانی ماڵی و سیاسی و دیبلۆماسی حکومەتی ئیسرائیل بووە، ئەمڕۆ بەوپەڕی بێشەرمییەوە، ناردنی هێزی سەربازی خۆی بۆ ناوچەکە و بۆ پشتیوانیکردن لە دەوڵەتی ئیسرائیل بە هەنگاوێک لە راستای کەمکردنەوەی ناکۆکیەکان و بارگرژیەکان ناوزەد دەکات! ئەم هەنگاوەی حکومەتەکەی بایدن لەپاڵ سیاسەتی جەنگخوازی ئیسرائیلدا، دەبێ وەک هۆشداریەکی جدی لەراستای مەترسی هەڵگیرسانی جەنگ لە ناوچەکەدا ئەژمار بکرێ و بەرپرسیارێتیەکەی بخرێتە ئەستۆیان.

وڵاتانی رۆژئاوا، بەرگریکارانی حکومەتی ئیسرائیل و شەریک لە تاوانەکانی کەرتی غەززەدا، بەهۆی مەودا بەربەریەکانی ئەم ئۆپەراسیۆنانەوە ناچاربوون مەحکومی بکەن و لەولاشەوە بێشەرمانە "هەردوولای جەنگ" بانگهێشت بکەن کە دان بەخۆیاندابگرن و مەترسی پەرەسەندنی جەنگ لەناوچەکەدا "بیربهێننەوە". ئەمانە ئەو

دەوڵەتانەن کە لەدژی کوشتن و جەنگ و تیرۆر قسەدەکەن، هاوکاتیش هەموو تاوانەکانی دەوڵەتی ئیسرائیل، چ لە فەلەستین و چ لە لوبنان، نەبۆتە بەربەستێک بۆ پشتیوانیکردنی بێمەرجیان لە دەوڵەتی فاشیستی ئیسرائیل و تەنانەت فشارێکی سیاسی جدیدیشیان لەسەر دانەناوە بۆ کۆتاییهێنان بەم درندەییەتیە.

ئەوەی لە کەرتی غەززە و کەرتی ڕۆژئاوا و لوبنان دەگوزەرێت کوشتاری بەکۆمەڵ و تیرۆرە، بۆردومانی بەردەوامی ماڵی خەڵک و قوتابخانە و باخچەی ساوایان و نەخۆشخانە و کەمپی پەنابەران و وێرانکردنی هەموو ئیمکاناتی ژیانە و بە "جەنگ" ناوزەد کردنی ئەم کارەش درۆیەکی موتڵەقە.

کۆنەپەرستانی ناوچەکە، لە ئێران و سعودیە و میسر و تورکیا و ئوردن و هی ترەوە تا دەستەوتاقمی قەومی و مەزهەبی، ئەم زەلکاوە پڕ لە خوێن و شێتی و تاوانکارییە، بۆیان بۆتە دەرچەیەک بۆ مامەڵە و بەندوبەستی سیاسی و ئابووری و ناوی بەرگریکردنیان لە خەڵکی لوبنان و فەلەستین لێناوە و فرمێسکی تیمساحیش بۆ قوربانییەکان هەڵدەڕێژن. لە هەمان کاتدا ئەم درندەییەتیەی ئیسرائیلیان کردۆتە بەڵگەیەک بۆ بڕەودان بە کەشوهەوای جەنگ و ترس و نائەمنی لەم وڵاتانەدا، ئەمەش بۆ ئەوەی هەژاری و سەرکوتگەری زیاتر بەسەر چینی کرێکار و توێژە بێبەشەکاندا داسەپێنن و بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی نارەزایەتییە جەماوەرییەکانی خەڵک لەوڵاتەکانی خۆیاندا، سودی لێوەرگرن.

ئێمە، هەرسێ حیزبی کۆمۆنیستی ناوچەکە، وەک بەشێک لە بزووتنەوەی جیهانی و سۆسیالیستی چینی کرێکار، هەموو کرێکاران، ڕێکخراوە و سەندیکا و ڕێکخستنە کرێکارییەکان، داکۆکیکارانی مافی مرۆڤ و خەڵکی موتەمەدین لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهان، بۆ چڕکردنەوەی نارەزایەتییەکان دژی ئیسرائیل و تاوانەکانی و لەدژی لایەنگرانی و هاوبەشەکانی لە وڵاتانی ڕۆژئاوا و لە سەرووییانەوە دەوڵەتی ئەمریکا، بانگەوازدەکەین. ئێمە داوا لە سەندیکاکانی کرێکاران و خەڵکی ئازادیخواز لە ئیسرائیل دەکەین کە لەپاڵ ئەم بەرەیەدا ڕاوەستن و بۆ بەرەنگاری و ڕووبەڕووبونەوە لەدژی فاشیزمی دەسەڵاتدار لە ئیسرائیل بانگەوازیان دەکەین.

نابێ بە ناوی "جەنگ" لە دژی حەماس، "جەنگ" لە دژی حیزبوڵڵا و گرووپە ئیسلامییەکانی ناوچەکە، یان "جەنگ" لە دژی ئێران، کە یەکێکە لە توندوتیژترین و تیرۆریستترین و تاوانکارترین حکومەتەکانی مێژووی مرۆڤایەتی، بەپشت بەستن بە میلیتاریزمی دەوڵەتی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی، ناوچەکە بەئاگردا بکێشرێت. ئێمە هۆشداری دەدەین کە حکومەتەکانی ئەمریکا، ئینگلتەرا، فەرەنسا، ئەڵمانیا و هتد، بە پشتگیری جۆراوجۆری خۆیان لە ئیسرائیل، نەتەنیا هاوبەشی تاوانەکانی ئیسرائیلن و بەشێکن لە کێشەکە، هاوکات لەبەرامبەر ڕۆچونی ناوچەکە بەرەو جەنگێک کە جگە لە مەرگ و وێرانکاری و لەناوچوونی خەڵک هیچ ئەنجامێکی نییە، بەرپرسیارێتی ڕاستەوخۆیان دەخەینە ئەستۆ.

بێگومان ڕاگرتنی ماشێنی جەنگی ئیسرائیل کاری چینی کرێکار و خەڵکی شارستانی جیهانە و ئەمەش مومکینە. ئێمە دەتوانین ئەو حکومەتانەی پاڵپشتی حکومەتی ئیسرائیل دەکەن، ناچار بکەین کە دەست لە پشتگیریکردنی ئەم ئامێری کوشتارە بەردەن! دەتوانین میدیای ڕاستڕەوی ڕۆژئاوا ناچار بکەین کە واز لە بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندە و درۆی فاشیستی و لایەنگری لەئیسرائیل بهێنن. دەتوانین خراپ بەکارهێنانی ئازارەکانی خەڵکی فەلەستین لەلایەن حکومەتە کۆنەپەرستەکانی ناوچەکەوە ڕابگرین و وەک بەرگریکاری ڕاستەقینەی خەڵکی بێبەشی فەلەستین، وەک بەرگریکاری ڕاستەقینەی ئاشتی و ئاسایش بۆ خەڵکی جیهان بێینە مەیدانەوە.

چینی کرێکار لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لە سەرانسەری جیهاندا دەتوانێت بەم ئاراستەیە بێت و وەک بڕبڕەی پشتی بزووتنەوەیەکی مەزنی جیهانی بۆ کۆتاییهێنان بە تاوان و جینۆساید و بۆ کۆتاییهێنان بە جەنگ و وەحشیگەری و میلیتاریزم و کۆتاییهێنان بە هەژاری و بێبەشی و سەرکوتگەری سیاسی بێتەمەیدانەوە. ئێمە بەشبەحاڵی خۆمان لەم ڕێگایەدا تێدەکۆشین و دەستی هاوکاری بۆ هاوچینەکانمان لە ناوچەکە و لە سەرانسەری جیهاندا درێژ دەکەین. ئێمە دەتوانین جڵەوی فاشیزمی دەسەڵاتدار لە ئیسرائیل، وەک توخمێکی وێرانکەر و شەڕانگێز و دڕندە، بگرین.

بژی ئازادی و یەکسانی
بژی ئاشتی و ئاسایش

**حیزبی حیکمەتیست (خەتی ڕەسمی)**
**حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق**
**حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**
**٢٤ی ئەیلوولی ٢٠٢٤**

**ناچارکردنی ئیسرائیل بە ڕاگرتنی جەنگ و ملدان بە ئاشتی و قبوڵکردنی دەوڵەتی فەلەستین، سەرەتای ئەو هەنگاوەیە کە کێشەی ئیسرائیل و فەلەستین بەرەو چارەسەر دەبات و بەلای شەڕێکی سەراپاگیر لەناوچەکە دوور دەخاتەوە و زەمینەی سەرهەڵدان و مانەوەی ڕەوتە ڕاستڕەوەکانیش لە هەردوو بەرەی کێشەکە لەنێودەبات!**

# ڕاگەیاندنی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان سەبارەت بە گواستنەوەی ئۆردوگای کۆمەڵە و هێزەکانی نەیاری جمهوری ئیسلامی بۆ کەمپی سورداش!

بەپێی ڕێکەوتنێکی هاوبەشی ئەمنی نێوان حکومەتی عێراق و ئێران و حکومەتی هەرێم، بڕیاری گواستنەوەی ئۆردوگاکانی کۆمەڵە لە ئۆردوگای زرگوێز، بانەگۆڕە، زرگوێزەڵە و.. دراوە بۆ کەمپی سورداش. هاوکات دەنگۆی ئەوەش لە ئارادایە کە ئۆردوگاکانی حزبی دیموکراتیش لە سنوری ناوچەی کۆیە بگوازرێنەوە بۆ هەمان کەمپ.

ئەم هەنگاوە سەرەڕای بەزۆر کۆچپێکردنی ئەم هێزانەیە، هاوکات کردەیەکی سەرکوتگەرانەی ئاشکرای دەوڵەتی عێراقە بە هاوکاری دەسەڵاتدارانی هەرێم، کەلە درێژەی ئەو هێرش و ملهوڕیانەدایە کە زیاتر لە سێ دەیە دەکرێتە سەر هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی نیشتەجێی هەرێم، بەتایبەتیش بۆسەر ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی. لەماوەی ئەم سێ دەهەیەدا، بەدەیان و سەدان کادر و هەڵسوڕاوی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن، لەڕێگای باندە ئینسان کوژەکانی ئێران یان نۆکەراکانیانەوە تیرۆر کراون، چەندین کەسیان ڕادەستی ئێران کراونەتەوە، بەدەیان جار ئۆردوگا و شوێنی نیشتەجێ بوونیان کەوتۆتە بەردەم بۆمبابارانی هێرشی موشەکی و لە ئاکامی ئەو هێرشانەدا بەدەیان کەسیان گیانیان لەدەستداوە.

بێگومان ئامانج لە گواستنەوەی بەزۆری ئۆردوگاکانی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن و نەیاری جمهوری ئیسلامی بۆ کەمپی سورداش، بۆ ئەوەیە کە ئەم هێزە ئۆپۆزیسیۆنانە لە حزب و هەڵسوڕاوی سیاسییەوە بگۆڕن بە پەنابەری سیاسی ژێر سایەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان. هاوکات جمهوری ئیسلامی دەیەوێت لەڕێگای ئەم هەنگاوەوە سەرجەم بزوتنەوەی کرێکاری و نارەزایەتی فراوانی جەماوەری لەناوخۆی ئێراندا، کەڕیشەی لەو ستەم و بێمافی و سەرکوتگەریەدایە کەئەم دەسەڵاتەی پێدەناسرێتەوە، بخاتە ئەستۆی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی نیشتەجێی وڵاتانی ناوچەکە وسەرکوتی بکات. بەدڵنیاییەوە گواستنەوەی ئۆردوگای هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن بۆ کەمپەکانی سورداش و مامەڵەکردنیان بەوێنەی پەنابەری سیاسی دەستبەسەر کراو، مەترسی ئەمنی چەند بەرابەر لەسەریان زیاد دەکات و بە نیشانەگرتنیان ئاسانتر دەکات. بەتایبەتیش ئەگەر ئەوە لە بەرچاو بگرین کە کوردستان بەکردەوە بۆتە لانەیەکی ئاشکرای باند و هێزەکانی جمهوری ئیسلامی و دەسەڵاتدارانیش، وەکو خزمەتکار و ئامرازی جێبەجێکاری ئەم ڕژێمە درندەیە ئامادەی هەموو خۆش خزمەتییەکە، سیاسەتێکی ئاواش بەدڵنیاییەوە کۆمەڵگای کوردستان لەنائارامی و تیرۆر وپشێویەکی بەردەوامدا ڕادەگرێ. تەنانەت ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتوەکانیش کەلە ٣٠ ساڵی ڕابردوودا نەیتوانیووە ئەمنیەتی ئەم ئۆردوگا و هێزانە و کادر و نەیاری جمهوری ئیسلامی بپارێزێت، ناتوانێت ئەمنیەتی ئەم کەمپانەش بپارێزێت.



ئێمە لە حزبی کۆمۆنیستی کریکاری کوردستان، لە کاتێکدا بەتوندی بەدژی سات و سەوداو ڕێکەوتنی عێراق و ئێران و دەسەڵاتدارانی هەرێم بۆ گوشار خستنە سەرهێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن و سنوردارکردنی چالاکی و هەڵسورانی سیاسی و گواستنەوەیان بۆ کەمپەکانی دەوستینەوە و ئیدانەی دەکەین. هاوکات هەموو ئەو لایەنانە بەتایبەتی هەردو حکومەتی عێراق وهەرێم وریکخراوەی نەتەوە یەکگرتوەکان بە بەرپرس لەپاراستنی سەلامەتی و ئەمنیەتی هیزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی دەزانین. چینی کریکار و خەڵکی ئازادیخوازی کوردستانی عیراق، کە هەمیشە پشتیوانی بزوتنەوەی کریکاری و ئازادیخوازی لە ئێران و کوردستانی ئێراندا بوون لەدژی دەسەڵاتی نەنگینی جمهوری ئیسلامی، بانگەواز دەکەین، کە بەدژی ئەم پیلانە چەپەڵە هاوبەشەی حکومەتی عێراق و ئێران و دەسەڵاتدارانی هەرێم، بوەستنەوە.

١٣/١٢/٢٠٢٤